**بابەت/پرۆژەی یاسایی**

**سڵاو و ڕێزمان**

**ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، هاوپێچمان گەلالە کردووە بە ناوی پرۆژەی یاسای پاراستنی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنی داهاتوو، لەگەڵ ڕێزماندا.**

1-**شێروان حیدەری.**

2-**عەونی بەزاز.**

3-**رۆژان دزەیی.**

4-**عومەر نورەدینی.**

5-**سۆزان شهاب.**

6-**حسن محمد.**

7-**دلشاد شهاب.**

8-**بكر كريم.**

9-**شۆڕش سید مەجید.**

10-**شڤان احمدعبدالقادر.**

**پرۆژەکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، سەرەتا ئێمە پرۆژەکە بە زمانی کوردی دەخوێنینەوە و پاشان پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**نوقتەی نیزامی، فەرموو.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمەش ئیمزامان کرد لەسەر هەمان پرۆژە و ناومان نەخوێندراوە، هەر هەمان پرۆژە تەقدیم کراوە، تەقدیمی جەنابتمان کردووە، چونکە ئەم پرۆژەیە پێشتر حکومەت ناردبووی و پەرلەمانی پێشوو خوێندنەوەی یەکەمی کردووە، ئێمەش کۆمەڵێك ئەندامی پەرلەمانین ئیمزامان کردووە و تەقدیممان کردووە و ناویان نەخوێندەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لێژنەی یاسایی کەرەم بکە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**راستە ئەم پرۆژەیە لە کاتی خۆی لە خولی دووەمی پەرلەمان پێشکەش کرا، زۆر لە ئەندامانی پەرلەمانیش ئیمزایان نەکردووە لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیە بە ئەصڵەوە لە حکومەتەوە هاتووە، لە لایەن**

ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش نەکرابوو، ئەوە یەك، دوو: لە دەورەی پێشتر ئەم پرۆژەیە نەدیترا، واتا پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرد، هیچ گفتو و گۆیەکی لەسەر نەکردبوو بۆ ئەوەی بە ئەنجام بگات، ئێستا زۆر تەبیعیە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان تەبەنی ئەو پرۆژەیە بکەن و پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانی بکەن، لە خولی سێیەمدا بۆ ئەوەی بریاری گونجاوی لەسەر بدات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارەکەی کوێستان خان ئەوەبوو ئەڵێ: ئێمەش داوامان کردووە و ناومان ناردووە، بەڵام نەخوێندراوەتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەوەمان نەدیتوە بەراستی، ئەوەی گەلالە کراوە بەو شێوەیە، ئێمە نەمانەدیوە لە لایەنێکی دیکە پێشکەش کرابێ و لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندام پەرلەمانی ئیمزا کرابێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پرۆژەکەت ئەگەر لە بەردەستە لەگەڵ ناوەکان بۆم بێنە، ئەگەر دەتوانی بەس ناوەکان بێنی زۆر سوپاست دەکەین، با ئێستا لێژنەی یاسایی بیخوێنێ و کە ناوەکانتان هێنا ئیزافەی دەخەینە سەری.

**بەڕێز زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای پاراستنی بەکاربەر**

**ژمارە ( )ی ساڵی ( ) بۆ هەرێمی کوردستان_عێراق**

**بەشی یەکەم**

**سەرەتا**

**ماددەی یەکەم: ناونیشان و دەستپێکی کارپێکردنی یاساکە.**

1- ئەم یاسایە پێی دەگوترێ ((یاسای پاراستنی بەکاربەر (مستهلك)ی ژمارە ( )ی ساڵی ( ) بۆ هەرێمی کوردستان_عێراق.

2- کار بەم یاسایە دەکرێ دوای سێ مانگ رەتبوون بەسەر بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی.

**ماددەی دووەم: پێناسەکان**

ئەم وشەو زاراوانە لەم یاسایەدا بەم جۆرە پێناسە دەکرێت:

یاسا: یاسای پاراستنی بەکاربەری ژمارە ( )ی ساڵی ( ) بۆ هەرێمی کوردستان_عێراق.

هەرێم: هەرێمی کوردستان_عێراق.

وەزارەت: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم.

